عێراق و تورکیا لەبارەی پرۆژەی ڕێگای گەشەپێدان کەبوونەوە

ئەمڕۆ چوارشەممە، عێراق و تورکیا لە ئەنقەرە کەبوونەوەیان ئەنجامدا بۆ تاوتوێکردنی پرسە تەکنیکییەکانی پێیوەست بە پرۆژەی ڕێگای گەشەپێدان.

لە ڕاگەیەندراوێکی باڵیۆزخانەی عێراق لە ئەنقەرەدا هاتووە، "شاندێ عێراقی بە سەرکایەتی ناسر ئەسەد، ڕاوێژکاری سەرکۆزیران بۆ کاروباری گواستنەوە، و ئەندامێتی بەڕێوەبەری گشتیی کەمپانیای شەمەندەفەری ، یونس خالد جەواد، بەڕێوەبەری پرۆژەی ڕێگای گەشەپێدان، سەفا جەبار ناسر، و نوێنەری دەستی گومرگی ئەحمەد جاسم محەمەد، کەبوونەوە لەگەڵ بوراك ئیکان، بەڕێوەبەری گشتی پێیوەندییەکانی دەرەوە و کاروباری ئەوروپا لە وەزارەتی گواستنەوەی تورکیا، بەڕێوەبەری گشتی هاوردە لە وەزارەتی بازرگانی تورکیا، حوسنی دەلامەر، و بەڕێوەبەری گشتی هێڵی ئاسنی تورکیا، وەیسی کورت.

ڕوونیشیکردەوە، "لە کەبوونەوەکاندا بە وردی باس لە پرسە تەکنیکییەکان کرا، هەروەها پێداچوونەوە بە پرۆژەی پێشکەوتنەکانی دامەزراوە عێراقییەکان لە جێبەجێکردنی ئەو پلاناناەی دایانێشتبوو و ڕێکارەکانی داهاتووی پێیوەست بە پرۆژەکە بە ساڵی (2024) کرایەوە.

هەروەها باسیان لە هەوڵەکانی هەردوو وڵات کرد بە کردنەوەی دەروازەیەکی سنووری نێوان هەردوو وڵات، و ڕێککەوتن لەسەر جێبەجێکردنی ڕێگای گەشەپێدان ، و کردنەوەی نووسینگەیەکی تایبەت بە پرۆژەی ڕێگای

گۆشچۆدان لە بەغدا و ئەنقەرە".